# من ... بیــر لەوێ ،
# لەناو دڵی "تــۆ" ، دەکەمەوە !

هێمن حمە جزا
hemnhamajaza@hotmail.com

قاسیدی نێوان من وتۆ ،
جگە لەشینایی ئاسمان و
ووژەی "با" نەبێ ..،
هیچی دیکە نییە !
مـــــن ..،
لەشینایی ئاسماندا ،
تۆ دەبینم و
وەخـــتێکیش ..،
"با" هەڵدەکا ،
بۆنی تۆ دەکەم !
من ... بیر لەوێ ، دەکەمەوە !
نوقڵێك دەنێمە نێودەمم و
بیر لەمــــــردن و
بیر لەوێ ... دەکەمەوە !
جگەرەیەك دائەگیرسێنم و
بیر لەتەنهایـــی و
بیر لەوێ ... دەکەمەوە !
هێندە داڵغەم لەوێیە ..،
هەندێکجار ، بەخۆم دەڵێم :
ئیـــــدی ..،
لەناو تەمومژی ... ئەم ئەفسانە خورافییانەداو
لەناو باڵەخانەی ... ئەم هەموو خەونەداو
لەناو شەونم وپەڕەی گوڵی ... ئەم باخچانەدا ،
دێمـــــە دەرەوەو

دەگەڕێمەوە ، بۆ ئەویٚ !
هێندە خەون بەوێوە دەبینم ..،
زۆرجاران ، بەخۆم دەڵێم :
پێـویســـــتە ..،
لەوەهم وترسی ... خوداکان و
لەنەفرەت وگوناهەکانی ... زەویی و
لەدەمەدەمی ئێوارانی ... کەنار دەریاکاندا ،
بێمە دەرەوەو
بگەڕێمەوە ، بۆ ئەویٚ !
من ... بیر لەویٚ ، دەکەمەوە !
ڕەنگـــــە ..،
لەیادی بیرچوونەوەی شۆڕشەکاندا ... بگەمەوە ئەویٚ !
تـــــۆش ..،
ئەی ئەو باخەوانە باراناوییەی ،
کەهەموو عەسرێك ..،
دڵت ، لەباخچەکاندا دەشاریتەوەو
هەموو سپێدانێکیش ..،
کەبەلامدا تێدەپەڕیت ،
بۆنی مەستی و
بۆنی تەڕیی و
بۆنی "گیا"ت ... لێدێت ،
زویر مەبە ... گەر پێت بڵێم :
تـــــۆ ..،
تا لەدڵەوە قوڵایی دەریاکانت ، خۆشنەوێت و
تا لەدڵەوە مێژووی هەموو ئەو شەوانەی ،
کەبەخەیاڵی باخچەوە نوستویت ،
لەسەر لاسکی گوڵەکان هەڵنەکۆڵیت و
تا لەدڵەوە گوناهباری خۆت ،
بۆ زەوی تەفسیر نەکەیت !
بێهوودەیە ... چاندنی ئەم هەموو ڕوانینە ،

بەخاتری لەیادکردنی ، غەمگینیت !
بێهوودەیە ... پاککردنەوەی ئەم هەموو تەماشایانە ،
بەخاتری گەورەبوونی ، جوانیت !
بێهوودەیە ... ئاودانی ئەم هەموو ڕووناکییە ،
بەخاتری ڕازی بوونی ، تەنهایت !
بێهوودەیە ... بێهوودە !!
من ... بیر لەوێ ، دەکەمەوە !
ڕەنگـــــــە ...،
لەجەژنی مانەوە لەبەردەمی ئاوێنەکاندا ... بگەمەوە ئەوێ !
تـــــــۆش ...،
ئەی ئەو زێوانە دڵتەڕەی ،
کەهەموو نیوەڕوانێك ...،
لەناو یادەوەرییەکانی مناڵیتا ، جێدەمێنیت و
هەموو شەوانێکیش ...،
بەدەم تریقانەوەو
بەدەم خەوبینین و
بەدەم گێڕانەوەی حیکایەتەکانەوە ... دێیتەوە !
نیگەران مەبە ... گەر پێت بڵێم :
تـــــــۆ ...،
تا لەشاری بەتاڵبوونەوەی ، دوعاکان و
تا لەکۆڵانی بنبەستی ، بەدحاڵیبوونەکان و
تا لەماڵی خوێناوی گومانەوە ... نەگەڕێیتەوەو
تا تە پووتۆزی ، ئەم هەموو ...،
بـــــــرین و
ســـــــزاو
گوناهانە ... لەخۆت نەتەکێنیت !
بێهوودەیە ... ئەم خەو بینینەت !
بێهوودەیە ... ئەم گۆرانی ووتنەت !
بێهوودەیە ... ئەم پێکەنینەت !
بێهوودەیە ... بێهوودە !!

من ... بیر لەوێ ، دەکەمەوە !
ڕەنگـــــه ..،
لەڕۆژی گەینی سێودا ... بگەمەوە ئەوێ !
ئێـــــوەش ..،
ئەی دەریاوانی پیرو
ئەی فەلەکناسی غەمگین و
ئەی بەختگرەوەی ، مووعتاد !
ئێـــــوەش ..،
ئەی پاسەوانی ، ڕۆژگارە خۆشەکان و
ئەی کرپاری ، میهرەبانییە بچکۆلەکان و
ئەی ووێنەکێشی ، یۆتۆپیاکانی تەمەن !
ئێـــــوەش ..،
تا هەمووتان نەتوانن ،
دڵی شەو پڕکەن ، لەڕووناکی و
دڵی سەحرا پڕکەن ، لەئاوو
دڵی ڕیشۆڵەکانیش ، پڕکەن لەبەفر !
تا هەمووتان پێتان نەکرێ ،
خەیاڵی دۆزەخ ، بدەنەوە بە پیرۆزی و
خەیاڵی هەتاو ، بدەنەوە بەسێبەرو
خەیاڵی مانگیش ، بدەنەوە بەدرەوشانەوە !
تا هەمووتان باوەڕنەهێنن ،
کەفڕین ، بەشێکەلەحەقیقەت و
کەڕوانین ، بەشێکە لەجوانی و
کەتەنهایش ، بەشێکە لەعەشق !
خاڵییە ... مردن !
خاڵییە ... ژیان !
خاڵییە ... عەشق !
خاڵییە ... خاڵی !!
من ... بیر لەوێ ، دەکەمەوە !
تەلێك ڕێواس پاکدەکەم و

بـــــــير لەمردن و
بیر لەویٚ ... دەکەمەوە !
ئینجانەیەك پڕدەكەم لەعەترو
بیر لەتەنهایی و
بیر لەویٚ ... دەکەمەوە !
ڕەنگـــــە ...
لەگەڵ یەکەمین تر پەی دڵ و
لەگەڵ یەکەمین ختوورەو
لەگەڵ یەکەمین ئاوڕدانەوەی "ئەو"دا ... بگەمەوە ئەویٚ !
مـــــن بیر لەویٚ ،
لەناو دڵی "ئەو" ... دەکەمەوە !
ژیان لەناو دڵی "ئەو"دا ...
کتومت ... ئەو گیتارژەنە گومانکارەیە ،
کـــــەهەمیشە ...
لێو دەنێت بەلێوی مانگەوەو ، گۆرانی دەڵێت !
سەدەفەکان پڕدەکات لەعەترو ، گۆرانی دەڵێت !
لەچۆڵەوانیـــــــدا ،
سەما فێری دەریاکان دەکات و ، گۆرای دەڵێت !
هـــــەمیشە ...
نامەکانی لەژێر یاقووتەکاندا دەشارێتەوەو ، گۆرانی دەڵێت !
پرشنگی دوو ئەستێرە تێکەڵ بەیەکتر دەکات و ، گۆرانی دەڵێت !
بەڕووتــــــی ،
لەدێراوە تەڕەکانی باخچەدا پیاسە دەکات و ، گۆرانی دەڵێت !
هەمیشە ، لەناو دڵی "ئەو"دا ...
ژیان ... "ئاوها" دەکات !!
خەونەکانی خۆی ...
بۆ حەقیقەت و
بۆ ڕووناکــی و
بۆ جوانی ... دەگێڕێتەوەو ، گۆرانی دەڵێت !
هەمیشە ژیـــــان ،

لەناو دڵی "ئەو"دا ... گۆرانی دەڵێت و ، خەون دەبینێ !!
مردن لەناو دڵی "ئەو"دا ...،
کتومت ... ئەو شاعیرە نامووڕادەیە ،
کـــەهەمیشە ...،
گوێ دەنێت بەتر پەی دڵی بارانەوەو ، سەما دەکات !
پە نجەرەکان بەڕووی هەتاودا دەکاتەوەو ، سەما دەکات !
زەمیلەیـــەك ،
پڕدەکات لەماچ و لە پێکەنین و لەوەفاو ، سەما دەکات !
هـــەمیشە ...،
لەسەر تەمی پە نجەرەکان دەنووسێت "خۆشمئەوێیت"و ، سەما دەکات !
لەسەر یەك قاچ بەژێر مانگەشەودا دەڕوات و ، سەما دەکات !
چاوەکانی دادەخات و ،
بیر لەتەڕیی بۆڵێك ترێ دەکاتەوەو ، سەما دەکات !
هەمیشە ، لەناو دڵی "ئەو"دا ...،
مردن ... "ئاوها" دەکات !!
خەیاڵەکانی خۆی ...،
بۆ حەقیقەت و
بۆ ڕووناکـی و
بۆ جوانی ... دەگێڕێتەوەو ، سەما دەکات !
هەمیشە مردن ،
لەناو دڵی "ئەو"دا ... سەما دەکات و خەیاڵ دەییاتەوە !!
تەنهایی لەناو دڵی "ئەو"دا ...،
کتومت ... ئەو ژەنەڕاڵە پەست وتووڕەیەیە ،
کـــەهەمیشە ...،
لەناو سەنگەرەکاندا خەریکی ناشتنی گوڵەو ، تەنبوور دەژەنێت !
لەقووڵایی زەریاکاندا مێژوو دەنووسێتەوەو ، تەنبوور دەژەنێت !
لەسەر تەرمی خوێناوی هاوڕێکانی ،
ئیملا لەشۆڕشەکاندا دەکات و شیعر دەخوێنێتەوەو ، تەنبوور دەژەنێت !
هـــەمیشە ...،
سپێدان زاکیرەی خاڵی دەکاتەوە لەگوناه و ، تەنبوور دەژەنێت !

نیوەڕوان گوێ لەمارشەکانی جەنگ دەگرێت و ، تەنبوور دەژەنێت !
ئێواران بەدزییەوە ،
دوور دوور دەکەوێتەوە لەسوپاو ، تەنبوور دەژەنێت !
هەمیشە ، لەناو دڵی "ئەو"دا ..،
تەنهایی ... "ئاوها" دەکات !!
ڕوانینەکانی خۆی ..،
بۆ حەقیقەت و
بۆ ڕووناکـــی و
بۆ جوانی ... دەگێڕێتەوەو ، تەنبوور دەژەنێت !
هەمیشە تەنهایی ،
لەناو دڵی "ئەو"دا ... تەنبوور دەژەنێت و ، بیردەکاتەوە !!
مــــن بیر لەوێ ،
لەناو دڵی "ئەو" ... دەکەمەوە !
عەشق لەماڵەکەی "ئەو"دا ..،
خۆئامادەکردنە بۆ سەفەرێکی یەکجارەکی ،
بەسواری عەرەبانەیەکی ... مناڵێتەوە !
ڕاکردنە بەچواردەووری زەویدا ،
بەجووتێك پێڵاوی ... مناڵێتەوە !
خەوتنە لەحەوشی ماڵەکەی دراوسێ ،
بەخەیاڵی تەنکی ... مناڵێتەوە !
عەشق لەجانتاکەی "ئەو"دا ..،
لەچاوکردنی عەینەکێکی تاریکە ،
تا جگەلەو ... کەسی دی نەبینی !
چاوشارکێیەکە لەگەڵ گەردووندا ،
تا جگەلەو ... کەسی دی نەزانێت لەکوێی !
دانانی هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگە ،
تا جگەلەو ... کەسی دی بۆی هاوسەنگ نەکرێ !
عەشـــــق ..،
لەناو خەون و
لەناو خەیاڵ و

لەناو ڕوانین و
بیرکردنەوەکانی "ئەو"دا ،
لەبەرکردنی دەستێك جلە ... لەباران !
خواردنی قاپێك هەنگووینە ... بە پەنجە !
گێڕانەوەی کۆمەڵێك چیرۆکە ... بۆ حەوزێك ماسی !
داگیرساندنی چەند مۆمێکە ... بۆ یادکردنەوەی تەنهایت !
دڵدانەوەی باخچەیە ... لە پاییزاندا !
پاڕانەوەیە لە "با" ... لە نیوە شەوێکی درەنگدا !
عەشق لەناو دڵی "ئەو"دا ..،
شتێکـــــــە ..،
بالأتر ... لەفڕین !
بالأتر ... لەنغرۆبوون !
ســـــەفەرێکە ..،
دوور دوور ،
بۆ دوورترین جێگا !
ڕەنــــگە ..،
بۆ دواهەمین کۆڵان بێت ، لەسەر زەوی ؟!
ئیدی لەوشوێنەدا ..،
هێندەت پێدەکرێ :
نوقڵێك بنێیتە ناودەمت و
بیر لەژیان و
بــــیر لەوێ ،
لەناو دڵی "ئەو" ... بکەیتەوە !
جگەرەیەك داگیرسێنیت و
بیر لەمردن و
بــــیر لەوێ ،
لەناو دڵی "ئەو" ... بکەیتەوە !
تەڵێك ڕێواس پاکبکەیت و
بیر لەتەنهایی و
بــــیر لەوێ ،

لەناو دڵی "ئەو" ... بکەیتەوە !
ئینجانەکان پڕکەیت لەعەترو
بیر لەعەشق و
بــــیر لەوێ ،
لەناو دڵی "ئەو" ... بکەیتەوە !
ئیدی لەو شوێنەدا ...،
تــــەواو تــــەواو ،
خاڵی دەبیتەوە لەخۆت و
بەدەنگێکی بەرز لەناو دڵی خۆتـا دەڵێیت :
مــــــن ...،
تەنها بیر لەوێ ،
لەنـــاو دڵـــی "تـــۆ" ... دەکەمەوە !
بیر لەناو دڵی "تۆ" ... دەکەمەوە !
بیر لەناو دڵی "تۆ" !
لەناو دڵی "تۆ" !
لە دڵی "تۆ" !

سلێمانی
مانگی (٥ / ٢٠٠٧)